# بەرخەکەم

ئەی بەرخۆلەکە
نەرمونۆلەکە
سپی و خرپنی
وەک کلۆی لۆکە

❊ ❊ ❊

دەستەمۆ و چەشی
فێرە باوەشی
دەنگی بارە خۆش
جوان و چاو رەشی

❊ ❊ ❊

بۆ هەرکوێیەک چووم
تۆش وەرە لە دووم
ئەتلەوەرێنم
هەر وەکوو بێچووم



❊ ❊ ❊

وەرە خلەخل
بچۆ نەرم و شل
ببارێنە: بـــــاع
بەرخی چاو بەکل

گۆران


Copyright © Kurdi.fi



* ڕاڤە و لێکدانەوەی وشەکان:

کلۆ: پارچە
چەش: تامکردوو
هەر کوێیەک: هەر جێیەک

بێچوو: بەچکە، ساوا
خلەخل: خلبوونەوە، گلۆربوونەوە

* پرسیار:

هەڵبەستەکە بخوێنەوە و وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

1. بەرخەکە چ ڕەنگە؟ .................... ، ئەی چاوی چ ڕەنگە؟....................

2. ئەو دارِشتانە بخوێنەوە و لە شێوەی ئەوان تۆش چەن دارِشتەیەک بنووسە:

خـلـەخـل ، .................... ، .................... ،

بـــارەبـــار ، .................... ، .................... ،

شـــنـــەشـن ، .................... ، .................... .

* ڕاهێنان:

ئەو ڕستانەی خوارەوە بە خەتێک پێک بگەیەنە:

وەرە خلەخل — وەک کلۆی لۆکە

بۆ هەرکوێیەک چووم — نەرمونۆڵەکە

ئەی بەرخۆڵەکە — بچۆ نەرم و شل

سپی و خرپنی — تۆش وەرە لە دووم


Copyright © Kurdi.fi